حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی مزگەوتەکان و پشکنین

حكومة إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الأوقاف والشؤون الدينية
المديرية العامة للإدارة والمالية
مديرية المساجد والتفتيش

ژمارە: ٢٩٢٦
ڕێکەوت: ٥ / ١١ / ٢٠٢٣ی زایینی
ڕێکەوت: / /٢٧٢٣کوردی

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی (هەولێر- سلێمانی - دهۆك- هەڵەبجە- گەرمیان)
بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەوقافی (زاخۆ- سۆران- ڕاپەرین)

ب/گشتاندن

ئامارە بەنوســـــراوی مەکتەبی تەنفیزی یـــەکێتی زانایانی ئایینی ئیـــــسلامی کوردستان ژمارە (١٠١٢) لە (٢٠٢٣/١٠/٢٥)، هاوپێچ ناوەڕۆکی نوسراوی ئەنجومەنی بالای فتوا بە ژمارە (١٠٠٧)لە ٢٠٢٣/١٠/٢٤)بۆتان دەنێرین لە پێناو بەرژەوەندی گشتی کار بکرێت بە ناوەڕۆکی نوسراوی ئامارە پێکراو ..

لەگەل ڕێزدا..

د. پشتیوان صادق عبدالله
وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی
/ /٢٠٢٣

وێنەیەك بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان / نوسراوتان ژمارە (١٠١٢لە ٢٠٢٣/١٠/٢٥) بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا
- بەمزگەوتەکان و پشکنین/لەگەڵ بەرایییەکان.
- خولاو.

ناونیشان: هەرێمی کوردستان - عێراق/ هەولێر
Address: Kurdistan Region – Iraq/ Erbil
پۆستی ئەلیکترۆنی: E-mail: info@moera.gov.krd

Scanned with CamScanner

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە کۆبونەوەی ڕۆژی ٢٠٢٣/١٠/١٦ وگەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی مەزهەبی ئیمامی شافعی، گەیشتن بەم ڕێنماییانە شەرعیانەی خوارەوە:

١- خوێندنی نزای قنوت لە نوێژی بەیانیاندا سوننەتێکی دووپاتکراوە لەناو نوێژدا، و کاتێك ئیمام لەبیریکرد؛ سوننەتە سەجدەی سەهووی بۆ ببات، چونکە یەکێکە لە دوو سوننەتەکەی ناو نوێژ، هەروەها پێویستە لەسەر مەئمومەکان شوێنی ئیمام بکەون لە ئەنجامدانی ئەم سوننەتەدا.

٢- خوێندنی ئایەتی (بسم الله الرحمن الرحيم) لە سەرەتایی سورەتی ( الفاتحة) لە لایەن ئیمام و مەئمومەوە پێویستە و (واجب)ـە، و نەخوێندنی نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، بۆیە پێویستە ( پێشنوێژ- ئیمام) لە نوێژەکانی (بەیانی ، مەغریب، عیشا) و (نوێژی هەینی وجەژنەکان) بە دەنگی بەرز بیخوێنێت.

٣- بانگی یەکەمی ڕۆژی هەینی دروشمێکی کارپێکراو بووە بە درێژایی مێژوو لە مزگەوتەکانی کوردستان، وکۆدەنگی هاوەڵانی پێغەمبەری خودای (صلى الله عليه وسلم) لەسەرە، بۆیە پێویستە لە مزگەوتەکان پەیرەو بکرێت.

٤- ئەنجامدانی دوو رکاعەت پێش نوێژی جومعە سوننەتە، و بە لایەنی کەمی دوو ڕکاتە، دوای هاتنی کاتی بانگی نیوەڕۆ ئەنجام دەدرێت.

٥- خوێندنی دوعای (وەسیلە) لە دوای بانگ و قامەت سوننەتێکی کارپێکراوە، بۆیە سوننەتە( پێشنوێژ- ئیمام) لەدوای قامەت وپێش دەستپێکردنی نوێژەکەی بە دەنگ بیخوێنی .

٦- خوێندنی صەلەوات بەهەر صیغەیەکی شایستە لە دوای بانگ وقامەت؛ سوننەتێکی دامەزراوی پێغەمبەرە –صلى الله عليه وسلم- .

٧- خوێندنی ویرد وتەسبیحات لەگەڵ نوێژە فەرزەکان بە دەنگێکی نەرم ومامناوەند بەشێوەیەك کە ڕەچاوی نوێژخوینان بکرێت، سوننەتێکی دامەزراو وکارپێکراوە، لە



Scanned with CamScanner

سەردەمی پێغەمبەر-صلی الله علیه وسلم- هەبووە وفەرموودەی دروستیشی لەسەرە.

٨- زۆر ئەستەمە لە ئێستادا مەرجە شەرعیەکانی کۆکردنەوەی نوێژەکان بە هۆی بارانەوە بێنە جێ، بۆیە ناکرێت (پێشنوێژ- ئیمام) لە مزگەوتەکەی بڕیاری کۆکردنەوەی نوێژەکان بە هۆی بارانەوە بدات، وژمارەیەك لە مزگەوتەکانی کوردستان نوێژەکانی (عەسر) وەیا(عیشا) یان تێدا ئەنجام نەدرێت.

٩- پێویستە ئەو کەسەی (پێشنوێژ - ئیمام )ی دەکات، شارەزا بێت لەو مەرج و دارشتانەی کە هەیە لە فیقهی مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا (رەحمەتی خوای لێبێت) بۆ ئەوەی نوێژی نوێژخوێنان بەتاڵ نەبێتەوەو تەنها دەنگ خۆشی ولەبەربوونی قورئان کیفایەت نییە بۆ پێشنوێژی.

لە کۆتاییدا داوا کارین کە سەرجەم پێشنوێژ و وتارخوێنان پابەندبن بەم ڕێنمایە شەرعیانە بۆ ئەوەی هیچ کێشە و ناکۆکیەك لە مزگەوتەکاندا ڕونەدات و،موسوڵمانان لە گەشێکی ئارامدا پەرستشەکانیان ئەنجام بدەن .

خوای گەورە پشت وپەنای هەمووان بێت.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله واصحابه اجمعين.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا

١٠- ربیعی دووەم/ ١٤٤٥کۆچی – ٢٤/ تشرینی یەکەمی/ ٢٠٢٣ – ٨ خەزلوەر٢٧٢٣ کوردی



Scanned with CamScanner